www.kurdistannet.org

1-9-2006 11:38بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## عارف باوەجانی (سکرتێری پارتی سەربەستی کوردستان-ڕۆژهەڵات) :

پێویستە گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان لەکاتی ڕوخانی رژێمی ئێراندا سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت

ئا: ستیڤان شەمزینانی




بارودۆخی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو گۆڕانکارییەکی سەرتاسەری هەنگاو دەنێت بەتایبەتی دوای ئەوەی فایلی پیتاندنی یۆرانیۆم بۆتە دۆزێکی نێودەوڵەتی، بۆزیاتر تیشك خستنەسەر دوا ئاڵو گۆڕانکارییەکان و پەرەسەندنە سیاسییەکانی دۆخی ئێران، ئەم چاوپێکەوتنەمان سازدا لەگەڵ بەڕێز (عارف باوەجانی) سکرتێری پارتی سەربەستی کوردستان – رۆژهەڵات.

ستیڤان: دوا پەرەسەندنی ڕەوشی سیاسی ئێران بەکوی گەیشتووە، ئایا بەردەوام بوونی ئێران لەسەر پیتاندنی یۆرانیۆم دەبێتە هۆی ئەوەی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بکرێتە سەر، بەگشتی ڕەوشەکە چۆن دەبینیت؟

عارف باوەجانی: دەتوانم بڵێم ئێران یەکەمین وڵات نەبووە بەڵام دووەمین وڵات بوو شان بەشانی حکومەتی بەعس و پێشتریش هەر خاوەنی چەکە خەتەرناکەکان بووە و چەکی کۆمەڵکوژی هەبووە، هیچ کاتیش گوێی نەداوەتە یاساکانی چەکە کۆمەڵکوژەکان یان یاساکانی جیهانی بەدژی ئەو چەکانەی کە خەتەرناکن.
بێگومان ئێران کاری خۆی هەردەکات و پێشتریش بەهەزار فروفێڵ و بیانوو لەژێرەوە کردوویەتی، بۆئەگەری لێدانی ئێرانیش من لەو باوەڕەنیم کە لەقۆناغی یەکەمدا ئەمریکاو وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا بەشێوەی نیزامی لەئێران بدەن بەڵام چەند ڕێگەی تر هەیە دەیانەوی ئەو ڕێگایانە تاقی بکەنەوە، ئەگەر لەو ڕێگایانە سەرکەوتوو بوون ئەوا لێدانی نیزامی ناکری، بەڵام ئەگەر لەو ڕێگایانە سەرکەوتوو نەبوون من دڵنیام ئەمریکا پەنا دەباتەبەر هێرشی نیزامی بۆسەر ئێران.
ڕێگاکانی دیکە ئەوەیە بۆ هەموومان ڕوونە ئەمریکا هەوڵدەدات لەرێگەی زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی قەومەکانی بندەستی ئێران وەك گەلی کورد و عەرەبی ئەهوازو ئازەرو تورکمان کاربکات.
چونکە ئەگەر ئەو گەلانە یارمەتی بدرێن و هاوکاریی ماڵی و مەعنەویی بکرێن ئەوکاتە رژێمەکە لاواز دەبێت، ئەگەر ئەم کارە بکرێت زۆر باشتر دەبێت لەوەی هێرشی نیزامی بکرێت لەبەرئەوەی ئەزموونی هێرشی نیزامی ئەمریکا بۆسەر وڵاتی عێراق و ئەفغانستان سەرکەوتوو نەبووە، هەروەها گەلانی ئەو وڵاتانەش نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی ئاسوودانە بژین.

ستیڤان: وەك دەبینین لەبارودۆخی نوێی ئێراندا مەودایەکی باش بۆ بزوتنەوەی کورد کراوەتەوە، بەڕای تۆ حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان تاچەند خۆیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم قۆناغە ئامادەکردووە و لەئاستی قۆناغەکەدان، هەروەها دەشپرسم گرنگترین ئەجیندەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت چی بێت؟

عارف باوەجانی: دەتوانم بڵێم بەداخەوە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستا لەیەك بەرەدا یان ئەگەر نێوی نەنێین بەرە نێوی بنێین کۆنگرەی هاوکاریی یان هەر نێوێکی تری بنێین لەدەوری یەك لەسەر چەند پرۆتۆکۆڵی هاوبەش ڕێنەکەوتوون، ئەوەش زۆرباسی لەسەر کراوە بەپێویستی نازانم دووبارەی بکەمەوە.

بەڵام بەگشتی پێموایە دەبێت کوردەکانی ڕۆژهەڵات زۆر هۆشیاربن کە ئەمە فورسەتێکە و زۆر ئەزموونی باشووری کوردستان هەیە لەپێش چاوی بگرین، ئەگەر باشووری کوردستان پێش پرۆسەی ئازادیی عێراق لەهێندێك خاڵەوە هاوبەش نەبوونایە لەوانەیە ئێستا ئەو وەزعە قورسەیان لەبەغداد نەبوایە، هەروەها دەتوانم بڵێم بەخۆشییەوە نیوەی عێراق بەدەستی کوردەوەیە هەرچەندە ئەوە ئاواتی گەلی کورد نەبوو لەباشووری کوردستان، ئاوات ئەوەبوو دەوڵەتی خۆمان هەبێ.

ئەگەری ڕوخانی ئەو ڕژێمە لە ئێراندا زۆر نزیکە جا بەچ قیمەتێك بێت ڕوودەدات بەهێرشی نیزامی بێت یان بەڕاپەڕین و دەنگی خەڵك بێت.

بۆیە پێویستە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پێش ئەوەی بگەڕێنەوە ناوخۆی وڵات لەدەوری یەك کۆببنەوە، کارمان بەوەنەبێت کە هەر حیزبە شیعار و ئامانج و ستراتیژی خۆی چییە، بەڵام بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرنگە ئێمە لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش بەنێوی بەرە بێت یان جۆرە هاوکارییەك ڕێککەوین و ئامادەیمان هەبێت کە چووینەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرنامەیەکی کاتی بەڕێوەبردنی قانوونێك لەو شوێنەدا ئامادەبکەین بۆئەوەی نەبێت بەهەر کەس بۆ خۆی و ڕەشەکوژی و ئەو ڕووداوانەی کە لەپاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا ڕوویاندا.

ئەگەر ئێمە پێشوەخت ئامادەیی وامان نەبێت پێموایە سەرکەتوو نابین و کە گەڕاینەوە ناو کوردستانیش کارەساتی جۆراوجۆر ڕوو دەدات، بۆیە زۆر گرنگە ئێمە لەدەوری یەك کۆبینەوە چ بۆ ناوخۆی کوردستان بێت چ بۆ دنیای دەرەوە، چونکە دنیای دەرەوەش نایەوی لەگەڵ یەك حیزب یان دوو حیزبدا بەرخود بکات.

ستێڤان: پرسی بەرەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەکوێ گەیشتووە و ئەو لەمپەرو کۆسپ و تەگەرانە چین کە بەردەوام ڕووداتی ئەوکارە دوور دەخەنەوە؟

عارف باوەجانی: جموجۆڵی ئەم دواییانەی لێك نزیکبوونەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان بەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهەوڵ و چالاکی و تێکۆشانی کۆنگرەی نیشتمانی کورد لە ئەمریکا بەسەرۆکایەتی د. سامان شاڵی بوو.

لەهەقیقەتدا هەوڵێکی زۆریداوە پێش ئەوەی بێتەوە کوردستان بەتەلەفۆن و پەیوەندیی گرتن و ئەملاولا، هەتا دواین ئاکامی پێش چەند مانگێك بوو هەولیدا حیزبی دیموکرات و هەردوو بەشەکەی کۆمەڵەو خەباتی شۆڕشگێرانی کوردستان کە ئێستا بە سازمانی خەبات ناویاندەبەن لەگەڵ یەکێتی شۆڕشگێران نیزیك بکاتەوە لەهەولێر شوێنێکی بۆدیاری کردن کەلەوێ کۆببنەوە بەڵام بەداخەوە هەردوو کۆمەڵە بەشدارییان نەکرد، هۆی بەشداری نەکردنەکەشیان بەتەواوی ڕوون نەبوو کە چییەو هیچ بڵاو کراوەیەکیان بڵاونەکردەوە، ئەوە دواین شانس بوو کە دەتوانم بڵێم هیچ ئومێدێك نەبوو.

بەڵام ئەوەی من ئاگادارم و وەك پەیوەندیم لەگەڵ د. سامان هەیە هەتا ئێستاش پەیوەندییەکان نەبچڕاوە، ئەوەنییە بڵێین تەواو نائومێدیی ڕوویداوە هێشتا هەر لەسەرەتادایە.

ستێڤان: هەردوو ڕژێمی داگیرکەری تورکیا و ئێران بەبیانووی لێدانی پەکەکەو پژاك دەیانەوی سنوور بەزێنی بکەن و لەشکرکێشی بکەنە باشووری کوردستانەوە، تۆ ئەم دەستدرێژییانە چۆن لێکدەدەیتەوە و چ مەبەستێکی سیاسی لەپشتەوەیە؟

عارف باوەجانی: خۆی هەقیقەتەکەی ئەوەیە ئەم سەرکەوتنەی ئێستا لەباشووری کوردستان هەیە، ئەم دەستکەوتە مێژووییەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە و ئازادیی هەیە بۆ خۆی خەمێکی هەمیشەییە لەسەردڵی داگیرکەران بەتایبەتی تورکیاو ئێران، ئەوانە بۆ بچوکترین بیانوو دەگەڕێن کە بێن ئەو ئاسایش و ئازادییەی لەباشووری کوردستان هەیە تێکی بدەن جا ئەوان ئێستا هیزەکانی (پەکەکەو پژاك) یان کردۆتە بیانوویەك کە بێنە نێوخاکی کوردستانەوە تەنیا مەبەستی ئەوان تێکدانی ئەم وەزعەیە لەکوردستاندا، هیوادارم هەموو حیزبەکانی باشووری کوردستان و رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوانەی لەسەر خاکی ئەم بەشە رزگارکراوەی کوردستان دەژین لەمبارەیەوە یەکدەنگبن، هەروەها داواش دەکەم لەحیزبەکانی دیکەی بەشەکانی تری کوردستان، لێرەن کارێك بکەن بەشێوەی دیبلۆماسی و ژیرانە بیانوو نەدەن بەدەستی داگیرکەرەوە کە هێرش بێنێتە سەر ئەم خاکە.
هەروەها پێویستە ئێمە دنیای دەرەوەش ئاگاداربکەینەوە کەهێرشی داگیرکەران بۆسەر خاکی کوردستان یان بۆسەر شاخەکانی کوردستان تەنیا بیانووە بۆ تێکدانی وەزعی خەڵکی کوردستان، بۆیە داوا بکەین لەدنیای دەرەوە بەرامبەر بەو پەلامارو گەلەکۆمەکییەی کە هەمیشە دووبارە بۆتەوە و تازە نییە بێدەنگ نەبن.

ستیڤان: مادام گۆڕان لەئێراندا حەتمییە کەواتە سنوور لەبەردەم داخوازییەکانی کورددا دەکرێتەوە بەڕای ئێوە کورد چ دروشمێك لەئێرانی داهاتوودا بەرزبکاتەوە سەربەخۆیی یان مانەوە لەگەڵ ئێران ئەگەر مانەوە لەگەڵ ئێران هەڵبژێری لەسەر چ فۆرمێکی پەیوەندیی و مامەڵە؟

عارف باوەجانی: بەبۆچوونی ئێمە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەدوای روخانی ئەو رژێمە سەربەخۆیی ڕابگەیەنی تەنیا ڕێگەیەکی دروستە.
ئێستا لەئێران پێنج گەلی بندەست هەیە، مەعقول نییە پێنج گەل هەبێت لەژێر یەك ئاڵادا بە نێوی ئاڵای ئێران بژین بەیەکەوە ئەگەر ئەمە بشکرێت سەرکەوتوو نابێت.
جاران گەلی کورد چالاکترین گەل بوو بەڵام ئێستا بەلوچ و عەرەب و تورکیش کەوتوونەتە چالاکی و حیزبی سەربەخۆیی خوازی خۆیان دروستکردووە بۆ ئەوانیش قابیلی قبوڵ نییە کە لەدوای چەند ساڵ داگیرکردن دیسان بەنێوی فیدراڵی بێت یان بەناوی هەرشتێکی ترەوە بێت بێنەوە ژێر پەرچەمێك کە پەرچەمی فارس بێت.
پێمانوایە بۆ گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان سەربەخۆیی باشترین ڕێگایە و ئاسانتریشە و وەك بەشەکانی تر نییە لەبەرئەوەی 24 دەوڵەتی فارس نییە لەناوچەکەدا دژی گەلی کورد رابوەستی، تەنیا تورکیا هەیە کەدژی هەموو بەشەکانی کوردستانە.
دواتر دەتوانین دنیای دەرەوە و ئەمریکاش قانع بکەین گەر ئەمریکا بیەوی لەگەڵ یەك وڵات بەناوی ئێرانەوە مامەڵە بکات و پەیوەندیی هەبێت دەتوانین لەگەڵ پێنج وڵات بەناوی کوردستان و بەلوجستان و ئەهوازو تورکمانستان و.... مامەڵە بکات، ئەمە تەنیا قسەی ئێمە نییە وەك پارتی سەربەستی کوردستان حیزبەکانی تری گەلەکانی تری ئێران ئەوانیش لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئێمە دەتوانین پێنج دەوڵەتی سەربەخۆی دراوسی بین.

ستیڤان: پارتی سەربەستی کە بەم دواییانە دامەزراوە خاوەنی چ تەرحێکی جیاو ئەجیندەیەکی تایبەت بەخۆیەتی کە لەپارتەکانی تری کوردستانی جیادەکاتەوە، بەکورتی تایبەتمەندیی و جیاوازییە بنەڕەتییەکانی ئێوە چییە لەکۆی پارتەکانی تر؟

عارف باوەجانی: ئێمە لەسەر بناغەی ئەزموونی چەند حیزبی دیکە دامەزراوین، ئەوەمان کردۆتە ئەزموون کە ئەو حیزبانەی پێشوومان بۆ تا ئێستا نەیانتوانیووە سەرکەوتوو بن یان بۆ وەك پێویست نەیانتوانیوە بێنە نێو قۆناغی خەباتەوە.

مێژوو شاهیدە کە گەورەترین حیزبمان (حیزبی دیموکراتی کوردستان) لەدوای 60 ساڵ داوای خودموختاری تازە هاتۆتە سەر سیستەمی فیدرالّی، بەلاّم لەو 60 ساڵەدا چەندین سەرکردەی باش و بەکەڵکیان شەهید بوو بەداخەوە، جیاوازیی ئێمە لەگەڵ حیزبەکانی تر ئەوەیە ئێمە داوای سەربەخۆیی دەکەین، ئێمە زۆر گرنگی بەجوگرافیای رۆژهەلاّتی کوردستان دەدەین، ئێمە مەسەلەی پەنابەر بەمەسەلەیەکی زۆر گرنگ دەزانین و زۆر بەجیدیی کاری لەسەر دەکەین، ئێمە زۆریش هەوڵدەدەین بۆ نزیك بوونەوە لەگەڵ هەموو حیزبە کوردستانییەکان و هەوڵدەدەین کە حیزبێکی چەکدار نەبین بەڵکو حیزبێك بین بەشێوەی دیالۆگ لەگەڵ دینای دەرەوە و ناوخۆی کوردستان کار بۆ کوردستان بکەین.